چیرۆکی وەرگێڕدراو

# سپی وەکو میچ

نووسینی: پەیمان هوشمندزادە

وەرگێڕانی: گەلاوێژ فەتاحی



ئێستا خۆت لەخەو داوە لە بن ئەو بەتانییەوە، لەو کونەی کە دروستت کردووە تاکو هەناسەی پێدا بکێشی هەروا چاو لێ دەکەی تا بەڵکو لە پێشەوە تێپەڕبێ و بتوانێ تێبگەی کەچی دەکا. تێپەڕ نابێ و تۆش هەر چاو لێ دەکەی و تێدەکۆشی بزانی، بەڵام هیچ نابینی. بیر لەوەی دەکەیەوە کە نازانی ئەورۆ چەندی ڕەزبەرە، بەڵام دەزانی کە ئەورۆ هەینییە و دەتوانی تا نیوەڕۆ هەرئاوا لە بن بەتانێکە بمێنییەوە لە بەتانێکەوە کون بۆ خۆت ساز کەی و هەناسەی پێدا هەڵکێشی و کەسیش

نەزانیّ کە خەریکی چی.

دەتلیّیەوە

– وەخەبەری؟

نابیّ جولّە بکەی. ئەگەر جولّەت بێت یانی بەخەبەری. بیر لەوەی دەکەیەوە کە ئەو مرۆڤانەی لە خەودان هێواشتر هەناسە هەڵدەکێشن. تۆش ئارامتر هەناسە هەڵدەکێشی. ئەگەر هێواشتر هەناسەت هەڵکێشابا کەس گومانی نەدەکرد کە لێت بپرسیّ "بەخەبەری؟" دوایە تۆش ئاگات لە خۆت بێت، ناکریّ. چەند قول هەڵکێشی. دوایە هێدی هێدی کونێک بەرەو چێشتخانە دەکەیەوە، مەغسەلەکە دیارە و نیوەی مێزی نان خواردن. دەنگی کردنەوەی دەرگای سەلاجەت گویّ لیّ دەبێت و دوایەش دەنگی داخستنەکەی و دوایەش دەنگی شتێک کە لەسەر مێزەکە دادەندریّ. بیر لەوەی دەکەیەوە کە بە دڵنیاییەوە کەترییەکەی لەسەرتەباخ داناوە. دوایەش گویّ هەڵدەخەی و بیر دەکەیەوە دەنگی کوڵینی ئاو دیّ. دوایە دەنگی ئاوت گویّ لیّ دەبێت و دەنگی وەیەککەوتنی قاپ و کەوچکەکان. ئیتر دەستی پیّ کردووە و بەدڵنیاییەوە فیتو لیّ دەدا. دەنگی لە چێشتخانەکەدا دەنگ دەداتەوە. مۆسیقاکەی دەناسییەوە. لەکاتی قاپ شووشتندا هەموو کات ئەو مۆسیقایەیە. هەر ئیسکاجەکە کەفاوی دەکا و بەقاپەکانی دادێنیّ. ئاوکێشان دەکا. شورەشوری ئاو دێت لە پڕ هەموو شتێک بێدەنگ دەبێت. دەنگی فیتو لێدانەکە دێت دەنگەکە لە چێشتخانەڕا دێت و بێدەنگ دەبێت. دەنگی لادانی پەردەکان بەگوێت دەگا. دوایە هەنگاوێک ئەولاتر لاقی دەبینی کە لە پێشتەوە تێپەڕ دەبیّ و دوایەش لەولاڕا مۆسیقایەک دەست پیّ دەکریّ کە ئەتۆ حەزت لێیێتی.

– هەڵناستی؟

بۆلات دیّ لەلات دادەنیشیّ، ئەژنۆی دەبینی.

– هەستە ئیتر.

ئەژنۆی دەبینی و هەناسە هەڵدەکێشی. دەستی لەسەر شانت دادەنیّ و دەتجوولێنێتەوە.

– وەخەبەری ئیتر وانییە؟

کونێک دەبەستریّ و ئیتر ئەژنۆی نابینی و دەزانی کە لە لات ڕۆیشتووە. بیر لەوەی دەکەیەوە کە ئەگەر لەویّ نەبێت دەتوانی چەند هەناسەی قووڵ هەڵکێشی. گویّ هەڵدەخەی تاکو بزانی دەنگ لە کویّ ڕادیّ. لاقت کۆ دەکەیەوە. لە خوارەوەی لاقت کونێکی گەورە دروست دەبێت و ڕووناکایی دێتە ناو بەتانییەکەوە. سەرنج دەدەیەی بەلاّم بێجگە لە لا

دیوارێک هیچی تر نابینی. دووباره گوێ له دەنگ ڕادەگری. نازانی له کوێ ڕادێ. دەنگی تەسجیل ناهێڵێ. دەستت له بن بەتانێکەوە دەردێنی و لەسەر مافوورەکە دەستت دەسوڕێنی تاکو سەعاتەکەت وەدەستت دەکەوێ. سەعاتەکەت دێنی و هێدی هێدی دالانێکی بۆ ساز دەکەی تا دەگاتە سەرەوەی بەتانێکەوە جگەرەکەشت لێ وەدیار دەکەوێ. سەعاتەکە دێنییە پێشێ، ئێستا نەبۆتە سەعات دە.

– هەستای؟



بیر لەوەی دەکەیەوە کە ئیتر کەڵکی نەماوە دەبێ هەستی. بەتانێکەت وەلا دەنێی. چاوت وەمیچکە دەکەوێ. سپی و بێ ڕەنگە. دوایە هەر ئاوا کە چاو لە میچکە دەکەی وەبیرت دێتەوە کە پەنجەرەکانی ژێرزەمینەکەت پەردەیان پێوە نییە. وەبیرت دێتەوە کە ئەتۆ سەلاجەت نییە و هەروا کە وەبیرت دێتەوە، چاو لە میچەکە دەکەی. چاو لێ دەکەی و دەتەوێ بڵێی "وەخەبەری؟" بەڵام هیچ ناڵێی، بێدەنگ دەبی و هەروا چاو لە میچەکە دەکەی تاکو دەنگت لە دیوەکەدا دەنگ نەداتەوە

سەرچاوە: گۆڤاری عصر پنجشنبە، ژمارە ١٩ – ٢٠، ساڵی ١٣٧٩.